السنّة النبوية وعلومها
www.sunnah.global

# پیاوێکیان هێنا بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- کە مەی خواردبووەوە، ئەویش فەرمووی: لێی بدەن

له ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پیاوێکیان هێنا بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- کە مەی خواردبووەوە، ئەویش فەرمووی: «لێی بدەن». ئەبو هورەیرە دەڵێت: هەندێکمان بە دەست لێیدا، وهەندێکمان بە نەعل لێیدا، وهەندێکمان بە جلەکەی لێیدا، وکاتێک پیاوەکە ڕۆیشت، هەندێک ووتیان: خوا سەرشۆڕت بکات، ئەویش -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «وا مەڵێن، یارمەتیدەری شەیتان مەبن لە دژایەتیکردنی».

[صەحیحە] [بوخاری گێڕاویەتیەوە]

واتای فەرموودەکە: هاوەڵان -ڕەزای خوایان لێبێت- پیاوێکیان هێنا بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- کە مەی خواردبوو، بۆیە ئەویش فەرمانیکرد کە لێی بدەن وئەوانیش لێیاندا، وهەندێکیان بە دەست وهەندێکیان بە نەعل وهەندێکیان بە جلەکەی لێیاندا، وقامچیان بەکارنەهێنا کە کەرەستەی جەڵد لێدانە بۆ جێبەجێکردنی سنوورە شەرعیەکان (حەدەکان)، ولە گێڕانەوەیەکدا فەرمانی بە بیست پیاو کرد کە لێی بدەن و هەرپیاوێک دوو جار لێی دا بە نەعل ولقی داری خورما، وئەمیش ئەوە دەردەخات کە چل جار لێی دەدرێت، ولە جێنشینەکانەوە (خەلیفەکانەوە) لەم ژمارەیە زیاتر هاتووە ولەم بابەتەدا فەرمان دەگەڕێتەوە بۆ لای پێشەوا (ئیمام) چونکە دەقی یەکلاکەرەوە لەسەر ئەم بابەتە نەهاتووە. وکاتێک خەڵکی لە لێدانی تەواو بوون، هەندێکیان نزایان لەسەری کرد و ووتیان: (خودا سەرشۆڕت بکات)، واتا زەلیل بیت وئابڕووت بچێت لە نێو خەڵکیدا، بەڵام پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: (وا مەڵێن، یارمەتیدەری شەیتان مەبن لە دژایەتیکردنی)؛ چونکە ئەگەر ئەوا نزایەی لێبکەن لەوەیە وەڵامی نزاکەیان بدرێتەوە، ولەم حاڵەتەدا شەیتان دەگات بە مەبەستی خۆی، ولەوەیە ئەم نزایە وئەم جۆرە قسانە ببێتە هۆی ئەوەی ئەم پیاوە دوور بکەوێتەوە وتەوبە نەکات ونەگەڕێتەوە بۆ سەر ڕێگای ڕاست وپابەند نەبێت هەرچەندە سزایش بدرێت.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3262

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee